# سةرهةلَداني رؤذنامةنووسيي
# كوردي و
# رؤلَي لة ثةرةسةندني زمان و
# ئةدةبدا

# ظهور الصحافة الكردية ودورها في تطويراللغة والادب

د.ئيسماعيل ئيبراهيم سةعيد

د.اسماعيل ابراهيم سعيد

**Abstract**

Appearance of the Kurdish press in the Kurdish literature was affected by as set of both external and internal factors. The former was realized in the spreading of press and publications especially at the neighboring countries in the second half of the $19^{th}$ century. The latter factors, external ones ,were concerned the political situations undergone by the Kurdish people who severely suffered injustice practiced by the Othman authority .All these reasons had driven the educated to migrate to search for more safe places to practice their cultural actions with absolute freedom. Consequently, the first newspaper was issued on 22/4/1898 in Cairo which pointed the birth of the Kurdish press inside and outside Kurdistan region which undertook major tasks in developing both language and literature.

Based on the above, the present researcher has tempted to conduct a study entitled **"Appearance of the Kurdish press and it Role in Developing Language and Literature"** .At the scope of the language, the Kurdish press had begun to use the Arabic letters along with parsing sings in writing, and later on it began to use the Kurdish letters which are currently used. It also began to reduce using foreign words.

Regarding literature, the Kurdish press had undergone the responsibility of modernizing literature through involving new literary types, especially in essay writing, story, and novel and other types.

The researcher has adopted three models of press publications for the sake of identifying changes in each period of time since 1898 up to 1930:

- Kurdistan Newspaper "1898"
- Roj Kurd journal "1913"
- Zyan Newspaper "1930"

## ثيَشةكى

لة كوَتايي سةدةي نؤزدةهةمدا رِوذنامةنووسيي بؤ نةتةوةكاني رِوَذهةلآتي ناوةراست بووةتة ثيَويستييةكي طرنط ، سةرهةلَداني رِؤذنامةنووسيي كورديش ثةيوةست بووة بة كؤمةلَيَك هؤكاري دةرةوةو ناوخؤي كوردستان ، نةتةوةكاني دراوسيَي كوردبة بةزماني خوَيان رِؤذنامةيان دةركرد، رِووناكبيراني كورديش كة لة ذيَر فشاريَكي طةورةي حوكمي نارِةواي عوسمانيدا دةياننالآند دةرفةتي ئةوةيان نةبوو ئةو جؤرة ضالاكيية لةسةر خاكي ولآتةكةيان ئةنجام بدةن ، بؤية ناضار بوون لةدةرةوةي ولآت دةست بةكاربن ،ئةوةبوو رِؤذنامةى "كوردستان"يان لة ولآتي ميسر لة شاري "قاهيرة " رِؤذي 1898/4/22 دةركرد، كة بووبة ثيَشةنطي كاروانيَكي ثيرؤزو ثاشانيش رِووناكبيراني كورد لة ناوخوو دةرةوةي كوردستان هةولَةكانيان خستة طةرِ بؤ بةردةوام بووني كارواني رِوَذنامة نووسيي كوردي .

رِؤذنامة نووسيي كوردي كؤمةلَيَك ئةركي ثيرؤزي لة ئةستؤطرت ضِ وةك شيَوة خةباتيَكي نويَي كوردايةتي و كؤمةلآيةتي ، ضِ وةك رِيَضكةيةك بؤ ثةرةثيَداني زمان و ئةدةبي كوردي لة طشت بوارة كاني زمانةواني و ئةدةبياتدا كة لةم تويَذينةوةيدا دةبنةجيَي بايةخ و لةسايةي هةرسيَ رِيَبازي ميَذووي و وةسفي و شيكاريدا برِطةكاني بةئةنجام دةطةيةنريَت. مةوداي تويَذينةوةكةش سةردةمي بةرايي رِؤذنامة نووسيي كوردي دةطريَتةوة لة دةورو بةري سالآني ( 1898-1930) .

ئامانجي تويَذينةوةكةش لةوةدا بةرجةستةدةبيَ كة رِؤذنامةنووسيي كوردي ئةركي ثةرةثيَداني زمان و ئةدةبي كوردي لةئة ستؤطرتووة، كة طوزارشت لة ناسنامةي نةتةوةي كورد دةكةن.

**تويَذينةوةكة لةم ثيَشة كيية و ضوار تةوةرة ثيَك هاتووة كة ئةمانةن:**

تةوةرةي يةكةم : سةرهةلَداني رؤذنامةنووسي لة ناوضةكةدا.

تةوةرةي دووةم : لة دايكبووني رؤذنامةنووسيي كوردي.

تةوةرةي سيَيةم : ئةركي ثةرة ثيَداني زمان.

تةوةرةي ضوارةم:نويكَردنةوةي ئةدةب.

لةئةنجامي تويَذينةوةكةشدا بةثيَي ريَبازي زانستي ثوختةي ئةو بؤضوونانة خراونةتة بةرضاو كة تويَذةر بةثيَي توانا بؤيان ضووة.

**<u>تةوةرةي يةكةم:</u>**

بزاوي رؤشنبيري و سةرهةلَداني ضاث و ضاثةمةني بةرؤذنامة نووسيشةوة لة ناوةراستي سةدةي نؤزدة هةمدا لة ناوضة كة دا طورانكاريية‌كي طةورة يان دروست كرد بةرةو هوَشياركردنةوةي كؤمةلآني خةلَك لةنيَو ولآتاني دراوسيَي كوردستاندا ،كة بةرة بةرة بووة مايةي رةوانةوةي ئةو تاريكايةي بةهؤي دة سةلآتي نارةواي عوسمانييةوة بالَي كيَشابوو بة سةر طةلاني ناوضةكةدا كة ئةمةش لةخوَيدا هؤكاري دةرةوةي كوردستان بوو بؤ بلآوبونةوةي بزاوي رؤشنبيري لة كوردستاندا.

بلآوبوونةوةي ضاث وضابة مة نيش لةولآتاني دراوسيَدا بةم شيَوة ية بوو:

1.جوولةكة هةلآتووةكاني ئيسثانيا كة لة ترسي دة سةلآت داريَتي ئةو ولآتةدا روويان لة توركيا كردبوو لة سالَي 1494 لة شاري ئة ستة مبوولَ يةكةمين ضاثخانة يان دامة زراند.

لةسالَي(1565) يشدا ئةرمة نييةكان هةر لةوشارةدا ضاثخانةيةكيان دامةزراند. ثاش ئةمةش رؤذنامةيةك بةزماني فةرة نسي لة شاري "ئةزمير" دةرضوو ، ئيدي بةرةبةرة رؤذنامة لةذياني سياسي ئةو طةلانةدا رؤلي طرنطي طيَرا ، دوايش كةوتة دةست بةرهةلَست كاراني هةردوو حوكمي عوسماني و قاجاري و كرديان بة ضةك .

2.حكومةتي عوسماني يةكةمين رؤذنامةي بةزماني توركي بة ناوي "تةقويمي وقائع" لة سالَي (1833)دا لة توركيا دةركرد.

3.يةكة مين رؤذنامة بة زماني فارسي سالَي 1851 (ناصر الدين شاة) دةريكرد.

4.يةكة مين رؤذنامة بة زماني عةرةبي لة عيراق بة ناوي "الزورا ء" سالَي 1869 دة رضوو. [1]

بة م شيَوة لةدةورووبةري كوردستان كةش وهةوايةكي نويَ هاتةطوَريَ كة كارتيَكةريي طةورةي هة بوو لة سةر باري رؤشنبيري نةتةوةي كورد.

(1):بروانة دوكتؤر كةمال مةزهةر ،ئةحمة د "تيَطة يشتني راستي"وشويَني لة رؤذنامة نووسي كورديدا ، ضاثخانةي كؤري زانياري كورد ، بةغدا ،1978، ل43-49.

---

**<u>تةوةرةي دووةم:</u>**

<u>لة دايكبووني رؤذنامة نووسيي كوردي:</u>

لة سةر ئاستي هؤكارةكاني ناوخؤيش دةتوانين ئةنجة بؤ ئةوة رابكيَشين كة نةتةوةي كورد لةذيَر فشاريَكي طة ورةدا دةينالآند ، ضونكة حوكمي عوسماني ذياني لة رؤلَةكاني نةتةوةي كورد تالَكردبوو ،بة طشت جؤريَك دةيضة وساندنةوة،هةستي نارةزايي لة دلَ و دةروونى روناكبيراني كورددا ثةنطي خواردبووةوة ، هةربؤيةش وةك ئاماذةمان بؤ كرد يةكةمين رؤذنامةي كوردي "كوردستان" كة لة رؤذي 1898/4/22 دةرضوو لة دةرةوةي كوردستان لة (قاهيرة) لة ولآتي ميسر لة دايك بوو ، دوايين ذمارةشي ( 31) لة 1902/4/1 لة جنيَظ دةرضوو.

شاياني باسيشة تا ذمارة ( 6)ي ميقداد ميدحةت بةدرخان سةر نووسةري بوو ، دوايش عةبدولرةحماني براي ، كة هةردووكيان ئاوارةي دة ستي ئةو حوكمة ستةمكارة بوون .

ئةم هؤكارانةش جؤرة تايبةت مةنديَتيية كيان بة رؤذنامة نووسيي كوردي بةخشي كة لةم خالآندا بةرجةستة دةبيَ:

1.رؤذنامة نووسيي كوردي جياواز لة رؤذنامة نووسي نةتةوة كاني دراوسيَي (عةرةب ، فارس ، تورك) بة ئةهلي لة دايك بوو نةك فةرمي ، لة دةرةوةي دةسةلآتي ميري .

2.رؤذنامة نووسيي كوردي خؤي بة خاوةني مةسةلةيةكي نةتةوايةتي زانيوةو خةباتي بؤكردووة و لة ثيَناويشيدا جيَي طؤريوة .

---

3.رابةراني رؤذنامةنووسيي كوردي خةلَكانيَكي روونا كبيرو نةتةوة ثةروةر بوونة، خواستي كةسيي خؤيان خستوَتة لاوة ، تةنانةت دةست رؤش بوونة ، بؤية تةنها بؤ بةرذةوةندي نةتةوةكةيان هةولَيان داوة [2] ، ئةم ميَذووة ثاك و بيَطةردةش تارادةيةك ثاريَزراوةو بووةتة دياردةيةكي جواني كاري رؤذنامة نووسيي كوردي و مايةي شانازيية بؤ رؤذنامة نووساني كورد .

رۆذنامة نووسيي كوردي كۆمةلَيَك ئةركي ثيروَزيشي لة ئة ستؤ طرت بؤ خزمةتي ثرسي نةتةوايةتي و كولتووري كورد ، بة تايبة ت لةسةر ئاستي ثةرةسةندني هةردوو بواري زمان و ئةدةب كة لةم تويَذينةوةيةدا بوونةتة جيَي بايةخ .

---

(2):بروانة:دوكتوَر ئيسماعيل ئيبراهيم سةعيد ، ئةدةبي رؤذنامة نووسي كوردي بةغدا 1970-1974،قوَناغيَكي نويَ ، دةزطان رؤشنيري و بلآوكردنةوةي كوردي ، ضاثخانةي ئيلاف ، بةغدا ، 2005 ، ل20 .

<u>تةوةرةي سيَيةم:</u>

<u>ئةركي ثةرة ثيَداني زمان</u>

ئةطةر لة ميَذووي نووسيني كوردي بكوَلَينةوة دةبي ئةو راستيية بدركيَنين كةوا لة رابوردوويةكي دووردا نووسيني كوردي هيَند نةبووةتة جيَي بايةخي روَلَةكاني نةتةوةي كورد، كولتووري كوردي ثتر زارةكي بووة ، نةك نووسراو ، بيَطومان ئةمةش طةليَك هوَكاري هةية كة لة نةبووني دةسةلآتيَكي سةربةخوَي تةواودا بةرجةستةدةبيَ و ثيَويستي بة كةشوهةوايةكي طونجاو هةية، بةداخةوة ئةوةش بؤ نةتةوةي كورد بةرثانةبووة ، تةنانةت ميرنشينةكانيشي بةزوَري زماني نووسين و طفت وطوَيان لةطةلَ دةولَةتةكاني ديدا بةزماني ئةوان بووة ، بة تايبةت زمانة كاني ( فارسي و توركي و عةرةبي) يان بةكارهيَناوة ، بة هةمان شيَوةش شاعيرةكان كاتيَك شيعرة كانيان بة دةس نووسي خؤيان نووسيوةتةوة جؤرة ريَنووسيَكيان ثيَرة و كردووة كة لة سايةي كارتيَكةريي ئةو زمانانةدا بووة، ئةلف و بيَي ئةوانيان بةكارهيَناوة.

ئةوةش زياتر تةطةرةي لة ريَطةي ريَنووسي كورديدا دروست كردوة ، نةبووني ضاث بووة ، كة بؤ يةكةمجار (ئا.ذابا) لة سالَي 1879 دا بؤ نووسيني كوردي بةكاري هيَناوة ، كاتيَك كة فةرهةنطيَكي كوردي فةرةنسي بةثيتي لاتيني ئامادةي ضاثكردو ثاش خؤي بة فةرماني ئةكاديميةي رووسي سالَي 1879 فيرديناند بوستي بلآوي كردةوة و [3] ثيَشكةش بة كتيَبخانةي كوردي كرد كة تازة دادة مةزرا.

(3): بروانة: دوكتؤر ئةورةحماني حاجي مارف ، فةرهةنط نووسي ،لة كتيَبي قامووس زماني كوردي ، عبد الرحمن امين زةبيحي،بةرطي يةكةم ضايخانةي كؤري زانياري كورد ، بةغدا ، 1977 ، ل75.

## دةربارةى ثةرة ثيَدانى رينووسيى كوردى لة رؤذنامة نووسيى كورديدا

بؤ وردبوونةوة لة ميَذووي ريَنووسيي كوردي و دست نيشانكردني ئةو طؤرانكاريانةي بةسةريدا هاتووة ئةم نموونانة هةلَدة بذيَرين :

### 1.رؤذنامةى "كوردستان" 1898 :

لاثة رةكاني ئةم رؤذنامةية بةزماني كوردي و بةئةلف وبيَي عةرةبي ضاثكراون و (سةرو بؤرو ذيَر ) لة دارشتني وشةكاندا بةكار هيَنراون ، وةك لةم دةقةي خوارةوةدا هاتووة ، ئةمةش طؤرانيَكة لة ريَنووسي كورديدا ضونكة لةوةوثيَش واتة لةسةرةتاي بلآوبوونةوةي ئةلفباي عةرةبي لة كوردستاندا تا سةرةتاي سةدةي بيستةم فارسي ئاميَز بووة، هةردوو بزويَني "ـة ، و"بة كارنةدة هيَنراون .

"ذِ ، خُدى ، اَم ، هَنينْ ،طوُنْد ، دِ نفِسن ،كرُد "

لة لايةكي ديكةشةوة وشةي بياني زؤر بةكارهيَنراوة وةك لةم دة قة دا دةردةكةويَت :

" حضرتِ ثيغمبر علية الصلوة والسلام طوتي ية :

"العلماء ورثة الانبياء " اَرطو علماء وارثين ذ ِطرفِ خدُيده مأمورن وعظ و نصيحتي بدنِ خَلكي رِيا نيشان وان بكنِ.........(4)

---

(4):ثروانة : رؤذنامةي "كوردستان"، ذمارة : ا ، ل 1 كؤكردنةوة وثيَشةكي بؤ نووسيني دوكتؤر كةمال فوئاد، ضاثي سيية‌م ، تاران ،2006،ل11

### 2.طؤظاري "روذكرد" 1913:

ئةم طؤظارة عةبدولكةريم بة طي كةركووكي زادة لة شاري ئةستةمبوولَ بة هة ردوو زماني كوردي (بة هةردوو شيؤة زاري كرمانجي خواروو ، ذووروو ) و زماني توركي دةري كردووة.

لةدارشتني لاثةرةكاني ئةم طؤظارةدا وةك لةم دةقةي خوارةوةدا روونة ئةم طؤرانكارييانة بةدي دةكريَت :

-لة نووسينةكةدا سةرو بؤر و ذيَر نةماوة ،

- وشةي بياني كةم بووةتةوة.

- نووسينةكة رة وانتر بووة .

"هر من بم و كسي تر نبي

درديك علتيك كة توشي ايمة بوة، اسبابي زورة ، سببي اولي وكو لة نسخةء اولا عرضمان كرد اساسا ايمة قوميكي بي اتفاقين. سببي بي اتفاقيشمان وةك هلال شوي جذن ديارة كورة كانمان تا ايمرو بة معارف . التفاتيان نبوة . اوان بو خو خويان بةجيا مسلكيان ايجاد كردوة .

او مسلكة بة ظاهر اكرضي لةكل اَمالي خويا بةموافقي دزاني ة فقط بالنتيجة سببي اضمحلالي قومي كردة ".[5]

(5):بروانة-طؤظاري "روذكرد" ذمارة:2، 14 شعبان 1331 ل21

-لة كتيَبي (رؤذي كورد) 1913 ، بلاَوكردنةوة وثيَشةكي و لةسةرنووسيني جةمال خةزنةدار ،بةغدا،1981 ل73.

## 3.رؤذنامة ي "ثيشكوتن" 1920:

لة ثاش ئةوةي رؤذنامةي " تيَطةيشتني راستي" [6] لة بةغدا داخرا ، ميَجةرسوَن رؤذنامةي "ثيشكوتن"ي[7] لة شاري سليماني دةركرد . لةم رؤذنامةيةدا ثيَشكةوتنيَكي بةرضاو لةرووي رينووس و وشةى كورديية‌وة بةدي دةكريَت:

--سةروبؤر بةكارنة هيَنراوة ، لة جياتي سةر (الفتحة) ثيتي (ة) بةكارهيَنراوة .

-- وشةي بياني كةمتر بةكارهاتووة .

-- طةليَك لة ليَكؤلَةراني زمان و ئةدةبي كوردي لةو باوةرةدان سةرةتاي نووسيني كوردي ثةتي لةم رؤذنامةيةوة دةست ثيَدة كات ، "واي ليَ هات هةركة سيَك مقالةيةكي كوردي ثةتي بنوَسياية جائزة يان دةداية . ية كيَك لةوانةي كة جائزةي يةكةمي وةرطرتووة . خوالَي خوَشبو َ شاعير "شيَخ نوري شيَخ صالح " بوَ ،بةم مقالةيةي خوارة وة جائزةي يةكي ثيَ وةرطرت :

جوتوكا شتيَكي ضاكة ثيشكوتن، ذمارة—30

لة باسي هر شتي ثياراكيشتين ايمة نوسيمان ايتر

بابينة وة سر باسي جوتياري و زوي كيلان لة

ثايزدا خريك جوتو توو ضندن ابي تاسر

لة مال خوت انويت و بي عزيت أوى ادا باران

**(6).ية كة مين ذمارةي لة 1918/12/1 دةرضوو، دواين ذمارة شي ( 67)لة 1919/1/27 دةرضووة . بؤ زانياري زياتر بروانة:فاروق علي عمر رؤذنامة طةريَ كوردي لة عيراقدا ، بة راىية كان 1914-1939 وة طيَراني لة زماني عةرةبييةوة تاريق كاريَزي هةوليَر،2001 ، ل76.**

**(7)ية كة مين ذمارةي لة 1920/4/29 دةرضووة، دوايين ذمارة شي ( 118) رؤذي 1922/7/27 دةرضوو، ليوا مستةفا سةرنووسةرو خاوة ني ئيمتيازي بوو ، بروانة:جمال خزنة دار، رابة ري رؤذنامة طةري ي كوردي ، دار الحرية للطباعة والنشر ، 1973، ل17 .**

لة جردةو دز بدورة قط مترسة هيضي لي ناية

لة هاوينا لثاش دروينَة بيتة سةر خلةو خرمان..."(8)

لة راستيشدا ريَنووسي كوردي بة ئةلفباي عةرةبي بة دوو قؤناغي ديدا تيَثةري تا طةيشتة قؤناغي ئيَستاي ، قؤناغي يةكةم لةثاش جةنطي جيهاني يةكةمةوة ،دةست ثيَدةكات لةو ماوة يةدا نووسةراني كورد هةردوو بزويَني "ـة ، و" يان بة كارهيَناوة .

لةضاثةمةني و رؤذنامةنووسيي كورديدا بة تايبةت لة هةردوو طؤظاري "طةلاويَذ " و "دةنطي طيَتي تازة " دا، ثيَرةوكراوة "قؤناغي دووةميش لة ثاش جةنطي جيهان دووةمةوة دةستي ثيَكردووة ، تيايدا ثيتة كاني :(ؤ) ، (لَ) ، (رِ) لة (و) ، (ل) ، (ر) جيا كراونةتة وة قالَبي خؤيان وةرطرتووة .

طومانيش لةوةدا نيية هةر لة طةلَ طةشةكردني هةستي نةتةوايةتيدا كة ديسان هةر لةريَطاي رؤذنامةو طؤظارةكانةوة طروتيني بةركةوتووة باية خدان بة زماني كوردي زيادي كردووة نووسةرو خويَندةواران ثةرؤشي ئةوة بوونة ثتر وشةي كوردي ثةتي بةكاربهيَنريَت.

لة لايةكي ديكةشةوة ئةلفباي لاتيني بووةتة جيَي بايةخي نووسةراني كورد و يةكةمين هةولَدانيش لةم بارةيةوة بؤ سالَي 1921 لة ئةرمةنستاني سؤظيتي دةطةريَتةوة ، دواييش هةولَةكاني جةلادةت و كامةران بةدرخان لة سالَي( 1930 ) دا كة لة دارشتني لاثةرةكاني "هاوار" و "رؤناهي " و "رؤذانوو" و "ستيَر"دا ثيَرة ويان كردووة (9).

---

(8):حاميد فةرةج ، ريَنووسي كوردي لة سةدةيةكدا ، ضاثخانةي كؤري زانياري كورد، بةغدا،1976،ل9-18

(9):بؤ زانياري زياتر بروانة:هوطر **طاهر توفيق، الالفباء الكوردية بالحروف العربية والحروف اللاتينية نشؤوها وتطورها 1898-1932 مطبعة وزارة التربية –اربيل-2005.**

**تة وةرةى ضوارةم:**

**نويَكردنةوةى ئةدةب**

زؤربةي ليَكؤلَةراني ئةدةبي كوردي لةسةر ئةوة كؤكن كةوا ئةدةبي كوردي تا ثيَش سالَي 1898 (سالَي لة دايكبووني رؤذنامةي"كوردستان" وةك يةكةمين رؤذنامةي كوردي) بة طشتي شيعر بووة و لةسةر كيَشي عةرووزي هؤنراوةتةوة ، ئةخشانةكةشي بريتي بووة لة ضةند تيَكستيَكي سادة وةك مةولوودنامةكةي شيَخ حسيَني قازي كة ميَذووةكةي دةطةريَتةوة بؤ نيوةي يةكةمي سةدةي نؤزدةهةم و ،كتيَبي "نريتي كودةواري " ي مةلا مةحموودي بايةزيدي كة لة ناوةراستي هةمان سةدةدا نووسراوة [10] هة نديَكي ديكةش كة بنةما ئاينييةكانيان ثيَرةوكردوة ئةوانةش ثابةندي ياساكاني كلاسيك بوونة ، ضونكة بؤ ضينيَكي كؤمةلَي كوردةواري بووة (فةقيَ و مةلاو خؤيندةواراني نزيكي دة سةلآت ) دوور بووة لة ململانيَي ئايدولَؤذي و كيَشةكاني ضينايةتي و كؤمةلآيةتي بابةتةكاني لة جوغزيَكي تةسكدا بوونة، كة ئةويش ثة يوة ست بووة بة سيستمي ئةو سةردةمةي كؤمةلَ و بارودؤخي كؤمةلَطاي كوردةوارييةوة .

هةر بؤيةش دةبوو رؤذنامة نووسيي كوردي بةئةركي سةرشاني خؤي هةلَسيَت و بابةتي نويَ بيَنيَتة ناو ، لةبةر ئةمة دة بينين داستاني مةم و زين و شيعري حاجي قادري كؤيي لة رؤذنامةي "كوردستان "دا بوونةتةجيَي بايةخ كة بابةتي نةتةوايةتي و مافي رةواي نةتةوةي كورديان لة خؤطرتووة .

---

(10): الدكتور عز الدين مصطفى رسول ، حول الصحافة الكردية ، مطبعة دار الجاحظ بغداد 1973 ص19-35.

لةم رؤذنامةيةدا ذانرايةكي نويَ لة ئةدةبياتي كورديدا لة دايك بوو ، كة ئةويش "وتار"بوو دوايش لة سةرةتاي سةدةي بيستةمدا "رؤمان" لةطؤرةثاني رؤذنامةنووسيي كورديدا بووتة جيَي بايةخ بة تايبةت رؤذنامةي "ذيانةوة" [11] كة رؤماني "لة خةوما"ي جةميل سائيبي لة سالَي 1925 بةزنجيرة بلآوكردؤتةوة.

رؤذنامةنووسيي كوردي سةكؤيةكي ئازاديش بووة بؤ بلآوكردنةوةي رةخنةو بيرو بؤضووني نووسةرو رووناكبيراني كورد ، بؤ نموونة ، شاعيرو نووسةري نويَخوازي كورد رةشيد نةجيب لةسالَي 1930 لة رؤذنامةي "ذيان"دا زنجيرة وتاريَكي بةناونيشاني (ئةدةبي كوردي) بلآوكردؤتةوة، تيايدا داواي كردووة ئةدةبياتي كوردي بطةريَتةوة بةرةو (ئاظيستا) و دةلَيَت:"لة ثاش دةركةوتني ئيسلاميةت ئةكسةري كتيَبي ديني كورد و ئاظيَستايي سووتيَنران،

ثيتي كوردةواري طؤراو كةليماتي بيَطانة تيَكةلآو بة زمانة كمان بوو ،حةماسةتي ئةم دينة تازةية تةئريخ و سةقافةتي كوردي نةهيَشت 000" هةر لةويَشةوة ئةوة بةدروست دةزانيَ شاعيران و نووسةران بطةريَنةوة سةر ئةدةبياتي فؤلكلؤر و كيَشي ثةنجة ، بؤية دةليَت:"ضونكة ئةم تةبةقةية لة حسيات و خووي رةسةندا ثاكترين تةبةقةي كوردن و لةطةلَ بيَطانةدا تيَكةلَ نة بوون ،ئاسار و شيعرةكانيان نموونة يةكي خاويَن و ئةسلَي ئةدةبياتي كورديية" [12] .

---

------------------------ (11) بروانة: سرووود وة لي ئيسماعيل جاف ، رةنطدانةوةي ئةدةبي كوردي لة رؤذنامةي "ذيانة وة "دا ، نامة ي ماجستيَر ، بةشي زماني كوردي كؤليَجي ثةوةردة - يَبن رَوشد - زانكؤي بةغدا ، 2004 ، ل26.

(12) بروانة : فة رهاد ثيربالَ ، شيعري نويَي كوردي ، 1898 -1958 ، دةزطاي (كوردستان)، هةوليَر ،2005 ،ل118.

بةم شيَوة ية دة توانيين ئةوة دووثات بكةينةوة كةوا بة طشتي ذانرا نوييةكاني ئةدةبي كوردي لة ريَطاي رؤذنامة نووسييةوة هاتوونةتة نيَو ئةدةبياتي كوردييةوة و سةر هةلَدانيشيان بة طورَانطارييةكاني ذياني كوردةوارييةوة بةند بووة .

لةبةر ئةمة دةبينين ئةدةبي هاوضةرخ هةموو ئةو هونةرة ئةدةبيية هاوضةرخانة دةطريَتةخؤ كة لةسةرة تاي سةدةي بيستةمدا سةريان هةلَداوة ، لةهةمان كاتيشدا دةتوانيين ئةوة بسةلميَنين كة رؤذنامة نووسيي كوردي هةولَي جروثري داوة بؤ ثيَطةياندني زماني كوردي بة ئاستيَك كة بتوانيَ ئةو طورَانكارييية طةورانةي ئةدةبياتيي كوردي لةخؤبطريَت ، ريطاخوَش بكات بؤ نووسةراني كورد بكات هةتا بتوانن بة زماني خؤيان طوزارشت بكةن و بةشيَوةيةكي رةوان مةبةستةكانيان بطةيةنن بة خويَنةراني نةتةوة كةيان .

## ئة نجامي تويَذينة وة كة

--لة نيوةي دووةمي سةدةي نؤزدةهةمدا لةولآتاني درواسيَي كوردستان ضاث و ضاثةمةني و رؤذنامة نووسي بلآوبووة تةوة.

--لةدايكبووني رؤذنامة نووسيي كوردي كةوتؤتةبةر كؤمةلَيَك هؤكاري دةرةوة و ناخؤي كوردستان ،رؤذنامةي "كوردستان" لة 1898/4/22 لة قاهيرة لةدايكبووة .

--رؤذنامة نووسي كوردي كؤمةلَيَك ئةركي لة ئة ستوَطرتووة لةوانةش ثةرةثيَداني زمان و ئةدةبي كوردي .

--لةميانةي رؤذنامة نووسييةوة بةرةبةرة ريَنووسيي كوردي ثيَشكةوتووةو ،بةكارهيَناني وشةي بيانيش كةم بووةتةوة ، وشةى رةسةن و نويَش زيادي كردوة.

--لةميانةي رؤذنامةنووسييةوة ئةدةبياتيي كوردي رووي لة نويَطةري كردووة و كؤمةلَيَك ذانراي نويَي لة خؤطرتووة .

--روو ناكبيراني كورد هةولَةكانيان خستؤتةطةر بؤ طةرانةوة بؤ ئةدةبي رةسةن و هؤنينةوةي شيعر لةسةر كيَشي خؤمالَي .

**سەرضاوەكان**

1.دوكتۆر ئەورەحماني حاجي مارف ، فەرهەنط نووسي كتێبي قامووسي زماني كوردي عبد الرحمن امين زەبيحي ، بەرطي يەكەم ، ضاثخانەي كۆري زانياري كورد، بەغدا، 1977.

2.دوكتۆر ئيسماعيل ئيبراهيم سەعيد ، ئەدەبي رۆذنامەنووسيي كورديي بەغدا 1970-1974، قۆناغيكي نويَ، دەزطاي رۆشنبيري و بلآوكردنەي كوردي ، ضاثخانەى ئيلاف ، بەغدا ،2005 ل20.

3.جەمال خەزنەدار ، (رۆذي كورد 1913) ، بەغدا ، 1981 ل73.

4.حاميد فەرەج ، ريَنووسي كوردي لە سەدەيەكدا ، ضاثخانەى كوَري زانياري كورد ، بەغدا ،1976.

5.سروود وەلي ئيسماعيل ، رەنطدانەوەي ئەدەبي كوردي لە رۆذنامەى "ذيانەوە"دا نامەي ماجستير ، بەشي زماني كوردي كۆليَجي ثەروەردەي ئيبن روشد ، زانكوَي ،بەغدا ،2004.

6.دكتور عز الدين مصطفى رسول ،حول الصحافة الكردية ، مطبعة دار الحافظ ،بغداد ، 1973.

7.فاروق عەلي عومەر ، رۆذنامە طەري كوردي لە عيراقدا ، بەرابيية كان 1914-1939 ،وەرطيَراني لە زماني عەرەبييەوە تاريق كاريَزي ، هەوليَر ، 2001.

8.فەرهاد ثيربالَ ، شيعري نويَي كوردي ، 1898 – 1958 ، دەزطاي (كوردستان) هەوليَر، 2005.

9.دوكتۆر كەمال فوئاد، كوردستان يەكەمين رۆذنامەي كوردي 1898-1902، ضاثي سييەم – تاران-2006.

10.دوكتوَر كەمال مەزهەر ئەحمەد ، "تيَطە يشتني راستي"و شويَني لە رۆذنامە نووسي كورديدا ، ضايخانەي كوَري زانياري كورد ، بەغدا ،1978 .

11.هوطرطاهر توفيق ، الالفباء الكوردية بالحروف العربية والحروف اللاتينية نشؤوها وتطورها 1898-1932،مطبعة وزراة التربية-اربيل ،2005.

**ظهور الصحافة الكردية ودورها في تطويراللغة والادب**

**د.اسماعيل ابراهيم سعيد**

***ظهور الصحافة الكردية في الادب الكردي تأثرت بمجموعة من العوامل الخارجية والداخلية ،الخارجية كانت تتجسد في انتشار المطبوعات والصحافة بشكل خاص في الدول المجاورة في النصف الثاني من القرن التاسع عشر ،اما الداخلية فكانت تتعلق بالظروف السياسية للشعب الكردي في كردستان التي كانت تعاني من الاضطهاد كبقية شعوب المنطقة من السلطة العثمانية الجائرة .***

***مما ادى بالمتنورين الكرد للهجرة والبحث عن مكان ملائم لممارسة نشاطاتهم الثقافية وعلى اثر ذلك صدرت اول صحيفة كردية باسم "كردستان"في 1898/4/22 في مدينة القاهرة ومنها بدأت الصحافة الكردية برحلتها الشاقة في داخل وخارج كردستان وحملت على عاتقها عدة مهام رئيسية منها تطوير اللغة والادب وتم اختيار عنوان موضوع بحثنا هذا "ظهور الصحافة الكردية ودورها في تطوير اللغة والادب " لتأكيد هذا الغرض.***

***فعلى نطاق اللغة بدأت باستعمال الحروف العربية مع علامات الاعراب في الكتابة وبعدها الحروف من دون علامات الاعراب ومن ثم استعمال الحروف الكردية الحالية وكذلك بدأت بالتقليل من استعمال الكلمات الاجنبية .***

***اما بالنسبة للادب فتحملت مسؤولية تحديث الادب من خلال تمهيدها بادخال الانواع الادبية الجديدة وسيما المقالة ونشر القصة والرواية وغيرها.***

***اعتمدت في البحث ثلاثة نماذج من المطبوعات الصحفية وهي :***

***صحيفة "كردستان 1898"،مجلة " رؤذكرد1913 "،صحيفة" ذيان 1930" وذلك لتحديد التغييرات وفق الفترات الزمنية المعنية في البحث وتغطيتها بشكل ملائم منذسنة 1898 ولغاية 1930 والتي شملت الصحافة الكردية الصادرة في تلك الفترة .***